# هەڵاتن لە چوارچێوە

لەساڵی ١٨٧٤وێنەکێش و ڕەخنەگری بەناوبانگی ئیسپانی پێرێ بۆرێل دێل کاسۆ وێنەیەکی سەیری کێشا ، وێنەی کوڕێکی هەرزەکاری کێشا کە خەریکە لە چوارچێوەی وێنەکە دێتە دەرەوە ، لە هەردولای وێنەکە پەنجەکانی دەستی و لە خوارەوە پەنجەکانی پێ و لە سەرەوەش بەشێکی سەری لە چوارچێوەکە هاتوتە دەرەوە ، ئەوەی جێگەی سەرنجە هەرزەکارەکە چاوەکانی ئەبڵەق بون و سەرسامە ، وەک بڵێی شتێکی زۆر سەیر و نامۆی بەرچاو کەوتبێ. بۆ سەدەی ١٩ ئەم جۆرە وێنەیە زۆر نامۆ بوە ، ڕەنگە دێل کاسۆ بە مەبەستی فێڵکردن لە چاو ئەو کارەی کردبێ ، یا لەوانەیە هەوڵی دابێ تابلۆی سێ ڕەهەندی بکێشێ کە داهێنانێکی گەورە بوە بۆ ئەو سەردەمە ، یاخود ڕەنگە مەبەستی دورتر و قوڵتری هەبوبێت کە دەرچونە لە چوارچێوەی هزری و هەوڵدانە بۆ بیرکردنەوەی ئازادانە.

من زیاتر لەگەڵ بۆچونی دەرچونم لە چوارچێوەی هزری ، بەتایبەت کە سەرنجی دەربڕینی سیمای کوڕە گەنجەکە دەدەیت بەڕونی تێدەگەیت کە مرۆڤ کاتێک ڕزگاردەبێت لە کۆت و بەندەکانی هزر ئەوا جیهان بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر دەبینێ لە جاران بۆیە سەرسام دەبێت .

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ناتوانێ بەتەنها ژیان بکات ، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەش ژیان بکات و جێگەی ببێتەوە دەبێ هەوڵی ئەوە بدات خۆی بگونجێنێت و خۆی خۆشەویست بکات ، مرۆی نامۆ و دژەرەوت لە کۆمەڵگە جێگەی نابێتەوە بۆیە تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی وەک یەک بیردەکەنەوە . دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی تاک تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە بیرکردنەوەی کۆمەڵگە ، واتە کۆمەڵگە سنورەکانی بیرکردنەوە دیاری دەکات.

زۆر جار کۆمەڵگە بەربەست دادەنێت لەبەردەم بیرکردنەوە بە سنوردانان ، بەربەستەکان چەند جۆرێکن گرنگترینیان

( کلتوری و مەعریفی و ئاینین) ، بەربەستەکان هەر جۆرێک بن و هەر سەرچاوەیەکیان هەبێت پەیوەستن بە ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگە ، چونکە کاتێک هۆشیاریی کۆمەڵگە فراوان دەبێت سنورە کلتورییەکانیش فراوان دەبن ، بە هەمان شێوە سنورە مەعریفییەکانیش فراوان دەبن ، سەرەنجام سنورە ئاینییەکانیش فراوان دەبن .

لەڕاستیدا ئەگەر بە وردی سەرنج لە بیرکردنەوە بدەین دەبینین هیچ سنورێکی نییە ، واتە هەمو سنورەکان مرۆڤکردن و بەڵگەن لەسەر سنورداریی توانای مەعریفیی مرۆڤ. تەنانەت خودای گەورەش سنوری بۆ بیرکردنەوە دانەناوە ، ئەوەتا پەیامبەری خودا هەبوە داوای کردوە خودا ببینێت ، پەیامبەر هەبوە داوای کردوە زیندوکردنەوەی مردو ببینێت ، تۆ بڵێی ئەو پەیامبەرە باوەڕی بە زیندوکردنەوە نەبوبێت ؟ خودا پیشانمان دەدات بیرکردنەوە سنوری نییە و گومانبردن کلیلی گەیشتنە بەڕاستیی بابەتەکان ، هەر بۆیە لە قورئانی پیرۆزیشدا سەدان جار باسی بیرکردنەوە دەکات .

گرنگترین هۆکارەکانی فراوانبونی ئاسۆی بیرکردنەوە خوێندنەوە و گومانن ، سەفەرکردنیش هۆکارێکی زۆر بەهێزە ، هەروەها زمان یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی فراوانبونی ئاسۆی بیرکردنەوەی تاک ..

سەرنج بدە ئەوانەی ناخوێننەوە یا کەم دەخوێننەوە یا تەنها یەک جۆر بابەت دەخوێننەوە ئاسۆی بیرکردنەوەیان چەند تەسکە و ژیان لای ئەوان چەند سەخت و پڕ کێشەیە ! لە هەمو کارێکی گەورە و بچوک پێویستییان بە پرسیار و گەڕانەوە بۆ دەق هەیە ! شەو و ڕۆژ خەریکی پرسیار و وەڵام و وتار و ئامۆژگارین و کێشەکانیش ڕو لە زیاد بونن !

سەرنجی ئەوانە بدە کە سەفەر ناکەن ، یا ئەوانەی تەنها زمانی دایک دەزانن و لەگەڵ نەتەوە و کلتور و زمانی تر تێکەڵ نەبون ، ئاخر خودا خۆی داوامان لێدەکات بگەڕێین و بیربکەینەوە و لەگەڵ نەتەوەکانی تر یەکتر بناسین و وەک برا بژین .

کاتێک لە چوارچێوە تەسکەکانی بیرکردنەوە ڕزگارت دەبێت وەک هەرزەکارەکەی ناو تابلۆکەی دێل کاسۆ سەرسام دەبیت ! تێدەگەیت جیهان هەرگیز بەو شێوەیە نەبوە کە وێنات کردوە. ئەگەر بڕیاری هاتنەدەرەوەش نەدەیت هەمو ژیانت وەک ئەو بۆقە بەسەر دەبەیت کە لە بنی بیرێکدا لەدایک ببو ، بێگومان جیهان لای ئەو تەنها یەک بازنەی بچوکە چونکە ئەو تەنها یەک بازنەی بچوکی ئاسمانی لێوە دیارە ، بۆیە بە سەرسامییەوە لەو بولبولەی دەڕوانی کە لەسەر لێواری بیرەکە نیشتەوە و خەریکی چڕینی خۆشترین ئاواز بو . بۆیە لە بولبولی پرسی:

- دڵت بەچی خۆشە لە جیهانێکی وا تەسک و بچوک ؟

- بولبول لە وەڵامدا گوتی دنیا زۆر فراوان و ڕازاوە و خۆشە بەڵام دیارە لای تۆ هەر هێندەی دیارە .

بۆقەکە تێگەیشت دنیا زۆر فراوانە بەڵام کە ئەو نەیبینیوە مەسەلەیەکی ترە ...

ئێمە هەر یەکەمان لە چاوی خۆمانەوە دنیا دەبینین . بۆیە ئازادیت وەک کوڕەکەی ناو تابلۆکەی دێل کاسۆ یا وەک بۆقی ناو بیرەکە لە جهیان بڕوانیت .